# شاجوانی کوردستان: زۆر لە دەرهێنەر و سیناریسـ لێکردووم کاری نواندن بکەم

دوو ساڵە دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە هاوکاری پارێزگای هەولێر پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان، ئەم ساڵیش ژمارەیەکی زۆری کچان کە ناویان پێشکەش کردبوو و بەشدارییان لە پێشبڕکێیەکەدا کرد، لە نێو هەموو کچە بەشداربووەکاندا فینك محەمەد توانی نازناوەکە بە دەست بهێنێت و بۆ ماوەی یەك ساڵ تاجی شاجوانی کوردستان لەسەر بنێت، فینك دەرچووی بەشی زمانەوانییە لە زانکۆی جنێف و ئێستا لە کوردستان ژیان بەسەر دەبات، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی فینك کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.



**• چەند مانگێکە بە شـاجوانی کوردستان هەڵبژێردراوی، تا ئێستا چالاکییەکانت چی بوون و ئایا تۆ خۆت لە کارەکانت رازیی؟**

- لـە مـاوەی ئەو چەند مانگـەی کە بووم بە شـاجوانی کوردسـتان بەپێـی کات و رەخسـانی دەرفەتـی گونجاو بۆ ئەنجامدانـی پرۆژە، کۆمەڵێك پـرۆژە و چالاکیی جۆراوجۆرم ئەنجامداوە.هەر لە یارمەتیدانی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان و خانەی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار و بەشداری کردن لە بواری پاراستنی مافی ئاژەڵان و ژینگەپارێزی، تا ئێستا تا رادەیەکی زۆر لەو پرۆژانەی ئەنجامداون رازیم، چونکە توانیومە ئەگەر بـۆ ماوەیەکی کەمیش بێت زەردەخەنە بخەمە سـەر لێوی ئەو کەسـانەی هاوکاریم کردوون، بەڵام بەداخـەوە کە ناتوانم بەپێی ئـەو پلان و بەرنامانەی کە خۆم دامناون بۆ ئەنجامدانی پرۆژە جێبەجێیان بکەم بە هۆی کەمی و نەبوونی سپۆنسـەر، چونکە لە داهاتووشـدا بەرنامـە و پلان هەیە بـۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی تری خێرخوازی.

**• ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکانت چی بوون؟**

- ئاسـتەنگەکان زۆرن لە دۆزینەوەی سپۆنسەر و دابینکردنی لەلایەنی ماددیی بۆ کارە خێرخوازییەکانم و پرۆژەکانی دیکە.

**• ئەو کەسەی نازناوی شاجوانی پێ دەدرێت لە هونەرمەندان نزیکە، پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان چۆنە؟**

- رەنگە ئەم بۆچوونە بۆ هەموو کەس راسـت نەبێت، چونکە ئەمە دەکەوێتە سـەر خودی کەسەکە لە شێوازی مامەڵە کردن و پەیوەندی دروسـتکردن لەگەڵ هونەرمەندان یان کەسانی تر، سـەبارەت بە خۆم تا رادەیەك پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندان بە گشتی باشە.

*** لە بواری کۆمەڵایەتیدا چالاکییەکانت چی بوون؟**

-وەکو پێشـتر باسـم کرد چالاکییەکانم زیاتر چوونەتە بواری کۆمەڵایەتی لە هاوکاری کردنی منداڵانی بێ سەرپەرشـت و منداڵـە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردسـتان و چەندین چالاکیی جۆراوجۆر.

*** تا ئێستا لە دەرەوەی کوردستان و عێراق بە ناوی شاجوانی کوردستان بۆ هیچ بۆنەیەك بانگهێشتکراوی ؟**

- بەڵێ، لە کۆتایی مانگی شوبات لەگەڵ شاندێکی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان سەردانی شاری بەغدامان کرد بەبۆنـەی کۆتایی هاتنی وادەی شـاری بەغدا وەك پایتەختی رۆشنبیری عەرەبی، دواتر لەوێوە سەردانی شاری بەسرامان کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسێك کە لەو شارەدا ئەنجامدرابوو، هەروەها بانگهێشت کراوین بۆ وڵاتی مەکسیك بۆ بەشداری کردن لە پێشـبڕکێی (Miss United Continents of 2014) وەك شاجوانی کوردسـتان لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراوم.

*** ئایـا بۆ هیـچ کارێکی هونەری داوای بەشـداریکردنت لێکراوە؟**

- بێگومـان لەلایەن چەند دەرهێنەر و سیناریسـتێکەوە داوام لێکراوە بۆ بەشـداری کردن لە فیلمی سـینەمایی، بەڵام لەبەر نەبوونی کات نەمتوانیوە تا ئێستا بەشداری بکەم.

*** ئەم ساڵ تۆ شـاجوانی کوردستانی، هەولێریش پایتەختی گەشتیارییە، تائێستا چالاکییەکانت لەو بوارەوە چی بوون ؟**

- بەڵێ، بەشـداری چەندین چالاکیم کردووە، هەروەك پێشـتر باسـم کرد چوونم بۆ بەغدا و بەسـرا لەگەڵ شاندی دەستەی گەشتوگوزار و پارێزگای هەولێر لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانە بوو، هەروەها لەم مانگەدا ژمارەی چالاکییەکان زۆر دەبن، منیش وەکو شاجوانی کوردستان لەم چوارچێوەیەدا بەشداریم دەبێت.

**• چ بەرنامەیەکـت هەیە بۆ ماوەی داهاتوو لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەولێر پایتەختی گەشتیاری؟**

- ئەو چالاکییانەی کە لە هەولێر ئەنجام دەدرێن وەك پایتەختی گەشتیاری، هەموو چالاکییەکانی من پەیوەست دەبن بە دەستەی گشـتیی گەشـتوگوزاری هەولێر، بێگومان هەر کاتێك دەستە چالاکـی ئەنجام بدات منیش تێیدا بەشـداری دەکەم، چونکە

# ــــــتەكان داوایان




وەك شـــاجوان خۆیشـــم یەكێكم لە ئەندامانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار.

**● ناوبانـــگ وادەكات مرۆڤ دووچـــاری پروپاگەندە بێت، تۆش بەر ئەم هێرشانە كەوتووی؟**


- بەداخەوە منیش بـــەر ئەم رەخنە و پروپاگەندانە كەوتووم كە هەمیشە ئەو كەســـانەی دەردەكەون لە بوارە جیاجیاكاندا رووبەڕووی ئەم پروپاگەندانە دەبنەوە، لێرەدا كێشەكە ئەوەیە كە هەموو ئەو پروپاگەندانە قسە و ناتۆرەن بەبێ بوونی بەڵگە رووبەڕوومان دەبنەوە و بەشێكی خەڵكیش باوەڕیان پێدەكات، زۆر جـــار كاری ئێمـــە دەبێتە وەڵامدانـــەوە و دەركردنی بەیاننامە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم پروپاگەندانە و ئەو كەســـانەی دەیكەن كە لە راســـتیدا ئەمە كاری ئێمە نییە.

**✱ ژیانی رۆژانەت چۆن بەسەر دەبەیت؟**

- منیش هەر وەك كچێكی ئاسایی كە ئیشوكارەكانم تەواودەبێت، دەگەڕێمەوە ماڵەوە لەگەڵ خزم و كەسانی خۆم كاتەكانم بەســـەر دەبەم وكاتی خۆم دابەش كردووە لـــە نێوان چوونە دەرەوە و ســـەیر كردنی تەلەفزیۆن و خوێندنەوە و ســـەردانی كردنی خزمان، واتە وەك هەر كچێك ژیانی خۆم زۆر بە سادەیی بەسەر دەبەم.

**✱ دوای ئـــەوەی تاجی شـــاجوانی دادەنێی بە نیازی لە چ بوارێك كار بكەی؟**

- لە راســـتیدا نازانم لە دوای شاجوانی خۆم بە چ كارێكەوە ســـەرقاڵ دەكەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە من هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆسم لە زمانەوانی لە زانكۆی جنێڤ و زیاتر پێمخۆشـــە لە بوارەكەی خۆمدا كار بكەم.



# شین کۆنری پشتگیری لە سەربەخۆیی سکۆتلەندا دەکات

ئەگەرچی شانشینی یەکگرتوو زۆری پێشکەش بە ئەکتەری ناوداری جیهانی شین کۆنری کرد لە ڕێزلێنان و خەڵات کردن و نازناوی بەرزی وەك سێر و خەڵاتی سوارچاکیی شاژنە ئەلیزابێسی دووەم، بـــەڵام ئەمانە هەموویان نەبوونە هۆکاری ئەوەی کۆنری پشـــتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی ســـکۆتلەندا دەرنەبڕێت لەو هەڵمەتەی کە ئێستا دەستیپێکردووە بۆ جیابوونەوەی لە بەریتانیا لەو ریفراندۆمـــەی کە بە نیازە لە مانگـــی ئەیلوولی داهاتوو ئەنجام بدرێت. شین کۆنری کە بە بنەچە سکۆتلەندییە بە زنجیرە فیلمەکانی جیمـــس بۆند ناوبانگی زۆری دەرکرد نامەیەکی بۆ هاونیشتمانیانی خۆی ناردووە و تێیدا کە سوورن لەسەر داواکەیان بە جیابوونە لـــە بەریتانیا بەردەوام بـــن و ئەمەی بە دەرفەتێك وەســـف کرد کە دووبارە نابێتەوە وبە کاتێکـــی گونجاوی داناوە بۆ نیشاندانی کەلتوورو ناسنامەی ســـکۆتلەندی و بونیاتنانی بنەمای راستەقینەی سینەما، کۆنری کە لە دوورگەکانی بەناما نیشـــتەجێیە هەروەها دەڵێ: هەڵبژاردنەکە بەدەست ئەو کەسانەیە کە ئێستا لەو دوورگەیەی ماونەتەوە و لەوێ ژیان بەسەر دەبەن و من پێموایە ئەمە درەفەتێکە بۆمان کە زەحمەتە دووبارە ببێتەوە بۆ ئەوەی جیهان رووی راستەقینەی سکۆتلەندا ببینن، بۆیە ئێستا کاتی خۆیەتی کەلتوور و فەرهەنگی خۆمان نیشان جیهان بدەین. شایەنی وتنە کۆنری ئەندامی پارتی نیشتمانی سکۆتلەندییە و لە ساڵی ٢٠٠١ەوە پاڵپشتی هەوڵەکانی جیابوونەوەی سکۆتلەندا دەکات و لە ســـاڵی ٢٠٠٣ ســـکۆتلەندای جێهێشت و سوێندی خواردووە ناگەڕێتەوە تا سەربەخۆیی بەدەست نەهێنێت.



# کلیپێکی ریکی و لۆپێز ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد

گۆرانیبێژی لاوی پۆرتۆریکی ویسین کلیپی گۆرانییەکی نوێـــی خۆی بڵاوکردەوە کە هەر یەکـــە لە ریکی مارتن و جنیڤر لۆپێز تێیدا بەشـــدارن کە ســـەرەتای گۆرانییەکە بە کۆپلەیەکی خۆی دەســـتپێدەکات، دواتر هەر یەکە لە ریکی و لۆپێز بەشـــداریی دەکەن بە چەند ئیقاعێکی مۆســـیقای دینامیکی لاتینی.

لە کلیپەکەدا لۆپێز خۆشەویســـتیی خـــۆی بۆ گەڕەکی





# نهێنیی جوانیی میراندا کییر

هەڵبژاردنی کچە نمایشکار زۆر گرنگە بۆ هەر دیزاینەرێکی جلوبەرگ بۆ ئەوەی کارەکانی پێ نمایش بکات و بە جوانترین شێوە دەربکەوێت و جوانییەکی دیکە بە جلوبەرگ و دیزاینەکانی ببەخشێت، بۆیە هەمیشە بە دوای جوانترین و سەرنجڕاکێشترینیاندا دەگەڕێن، هەر ئەمەش وای لە دیزاینەری بەناوبانگی جیهانی ڤیکتۆریا سیکریت کردووە کە کچە نمایشکاری شۆخ و شەنگ میراندا کییر هەڵبژێرێت بۆ نمایش کردنی کارەکانی.

ئەگەرچی میراندای بە ڕەگەز ئوسترالی ئێستا دایکی کچێکە، بەڵام تا ئێستا جوانی و ڕێکوپێکی لەشی وەکو خۆی ماوەتەوە، هۆکاری ئەم جوانی و ڕێکییەش بە پلەی یەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕۆژانە بەردەوام وەرزشی یۆگا ئەنجام دەدات، هەروەها بە هیچ شێوەیەك لە خواردنی چەور نزیك نابێتەوە و زیاتر پشت بە خواردنی سەوزە و میوەی کەم شەکر و خواردنەوەی ئاو دەبەستێت، بەمشێوەیە: ئەو خواردنانە دەخوات کە ڕێژەیەکی زۆری کاربۆهیدرات و پرۆتینی تێدایە بۆ پاراستنی لەش بەهێزی وەك ماست و هێلکە و شیر و سینگی مریشك،هەروەها بەپێی گرووپی خوێنی خۆی، خواردن دەخوات. لەبەر ئەوەی ئاویش بە یەکێك لە پێداویستییەکانی هێشتنەوەی هێز و جوانیی لەش دادەنرێت، میراندا ڕۆژانە ٨ کوپ ئاو دەخواتەوە ئەمەش بۆ بە جوانی هێشتنەوەی لەش و جوانتر کردنی پێست، لەگەڵ ئاویش بەردەوام شەربەتی سروشتی دەخواتەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی پێویستی لەشی لە ڤیتامین و کانزاکانی دەستکەوێت، لە هەموو ئەمانەش وەرزش بە گرنگترین هۆکاری هێشتنەوەی لەش بە جوانی دادەنێت و داوا لە ئافرەتان دەکات ئەگەر بیانەوێ بە جوانی بمێننەوە ئەو بەرنامەیە پەیڕەو بکەن.

هەژارنشینی (برۆنکس) دەردەبرێت کە تێیدا پەروەردە بووە، سواری میترۆیەك دەبێت و لەگەڵ دراوسێکانی دەست بە گۆرانیی وتن و سەما دەکات.

ئەگەرچی بەشداری کردنی لۆپێز و ریکی مارتن لە گۆرانییەکەدا بەشدارییەکی شەرەفییە و تەنیا لەسەر داوای گۆرانیبێژی سەرەکیی گۆرانییەکە بەشدارییان کردووە، بەڵام لە ڕێگای کەناڵی (Wisin)ی فەرمی لە تویتەر لە ماوەیەکی زوودا کە لە سێ ڕۆژ تێپەڕی نەکرد، زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس گۆرانییەکەیان بینی ئەمەش بۆ ویسین ژمارەیەکی پێوانەییە، زۆر لە چاودێران هۆی زۆری بینەری ئەو گۆرانییە بۆ دیمەنە وروژێنەرەکانی نێوانی ریکی و جنیڤەری دەگەڕێننەوە، تەنانەت زۆر کەس ڕەخنەشیان لێیان گرت بەهۆی ئەم دیمەنانەوە .

# کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی

## ماڵە باوان - ٣ -

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

### ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

ئەو سەرکەوتنە مێژووییەی، جەنابی موفەتیش، چ لە رووی هونەری و چ لە رووی جەماوەرییەوە بە دەستی هێنا، دەتوانرێ بگوترێ جۆرێك لە جۆرەکانی وەرچەرخانی هونەریی هەرە دیاری لەخۆگرتبوو، رۆژنامەکانی ئەو کاتە، بەتایبەت رۆژنامەی (هاوکاری ) گرنگییەکی بایەخداری پێدابوو، ئەوە بوو دەیان ریپۆرتاج و وتاری لەسەر نووسرابوو، بەو هۆیەوەی کە لە شاری بەغداد بەتایبەتی پاش رێکەوتنی یانزەی ئازاری ساڵی (١٩٧٠)، کە بە مەزنترین دەستکەوتی نەتەوەیی لە مێژووی نزیکی کورددا دادەنرێ، ژمارەیەکی مەزنی کورد لەو پایتەختەدا دەژیا و راژەیەکی دیاری لە ژمارەی دانیشتوانیدا هەبوو، بۆیە دڵسۆزتان پێشنیازی بردنە بەغدای بەرهەمەکەیان بوو، هەر چۆن لە بەغداد لقی کۆمەڵەمان هەبوو، هەر چۆن لە کەرکووك و هەولێر و شوێنانی دیکەش هەبوو، سەرەتا من شەرەفی سەرۆکی ئەم لقەم هەبوو، بەڵام پاشان کە من گەڕامەوە، خوا لێی خۆشبێت(رەفیق چالاك) سەرۆکی بوو، بۆ نەگبەتی ئێمە، ناکۆکییەکی خراپ کەوتە نێوان کاك رەفیق و ( سەیدا ساڵح یوسفی )، پاش ئەوەی شانۆیی (دکتور تێلا)ی لە شانۆیی (بە زۆر کرا بە دکتۆر)ی نووسەری کۆمیدی فەرەنسی (سولێم)ەوەی بە کوردی کردبوو هەر خۆشی دەرهێنەری بوو، بەهۆی ئەو تانەوتەشەرانەی ئاراستەی (شەهید یوسفی ) کردبوو، کە چەندین بەرپرسی کوردی ئەو دەمەی بەغدادی گرتبووەوە، کە سەرجەمیان هەڵبژێردراوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون، تەنانەت ناوی پاڵەوانەکە، کە خودی خۆی دەینواند ناوی نابوو (ساله )، ئەمە بووە هۆی دابڕان و درز کەوتنە نێوان(یوسفی ) و (چالاك)و بەڵکو نێوان پارتی و ئەوەوە و لقی کۆمەڵەیشی پێوە ئاڵودە بوو، بۆیە ئاکای ئەو نالەبارییە بەسەری (جەنابی موفەتیش)ە کەی ئێمەدا شکایەوە و ئێمە سزا و باجەکەیمان دا، کە نەدەبوو لەسەری ئێمەدا بشکێ، گرفتەکە لەوەدابوو ئێمە لەلای خۆمانەوە بە هیچ جۆرێ نەبیرمان لەوە کردبووەوە و نە حسابمان بۆ کردبوو.

ناردمانە هۆڵی گەل، کە پێشتر هۆڵی (فەیسەڵ ) و هۆڵی (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) بوو و پاش شۆڕشی گەلاوێژ بە هۆڵی (دادگای گەل) بە کرێیان گرت بۆ چوارشەو واتە رۆژێ بۆ دیکۆر و پرۆفە سێ رۆژیش بۆ نواندن.

بەیانییەکی زوو سواری پاس بووین و بە گۆرانی جارانی شار بە رێکەوتین، لە تاقی نیوەڕۆدا لە ئوتێل(مستەفا ) کە لەسەر شەقامی (ئەلرەشید) بوو، دا بەزین، کاك مستەفا بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکردین، ئەو شوێنە لە شانۆکەمان کە لە مەیدان بوو، تەنیشت وەزارەتی بەرگری، دەماتوانی بەپێ بێین و بچین.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانمان بوو، هیچ جۆرە ریکلامێکمان نەبینی لە کاتێکا سەدان پۆستەرمان ناردبوو، کە ئەو کاتە بە ئامێری سکرین و بەدەست راماندەکێشا، جگە لە چەندین لافتە هاتە خوارەوە چەند شوێنێکی رۆژنامە فرۆشتن هەبوو، بەپەلە کەوتمە سەرنجدانی (ئەلتەنافی ) و چەندین گۆڤار و رۆژنامە، بەڵام هیچ جۆرە هەواڵێکی کارەکەی ئێمە تیادانەبوو، بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە کۆمەڵەوەکرد، دیاربوو ئەوانیش تەنانەت کاکە نوری وەشتیش هەر بێ ئاگابوو، هەر لە عەسرەوە، لەگەڵ کاکە (حیکمەت هیندی ) و ژمارەیەك لە برادەرانی (دیکۆر) بەرەو هۆڵەکە چووین، بەر لە خۆمان هەر زوو، دیکۆرەکانمان گەیاندبووە هۆڵەکە، کابرای حانووتەکە بە پەرۆشەوە بەرەو روومان هات، لەو نەگبەتە وابوو، ئەمەش ئەو عەشاماتەی پێوەیە کە کاتی جاڕدانی بەیاننامەی یانزەی ئازار بەخۆیەوە بینی، کە کەس نەیدەزانی هێندە کورد لە بەغدادا دەژی، کە هەر ئەوەی رژابوویە گۆڕەپانی (ئەلتەحریر) سەدان هەزار کەس بوو، کابرا چووبوو بۆ رۆژی دوایی کە رۆژی نواندنەکە بوو، چوار ئەوەندەی جاران، بابۆلە خواردن و سۆدەو سیفۆنی کڕیبوو.

دیکۆر و رووناکی و پێداویستییەکانمان ئامادەکردو، بۆ سبەینێ سەر لە بەیانی پرۆڤەیەکمان کرد و گەڕاینەوە، هەر لە گەڕانەوەماندا لە یەکێ لەو چێشتخانانەی حەیدەرخانە، وابزانم(تاجریان) یان پێ دەوت، زۆر بەتام بوو، نانێکی باشمان خوارد، نەفەری بە نەوەد فلس بوو، چووینەوە ئوتێلەکە و سەرخەوێکمان بۆ شکاند و پاش دوو سەعاتێ هەموویانم بەرەو هۆڵی شانۆکە بەرێخست، نواندنەکەش سەعات هەشتی شەو بوو، من هەر چون خوویەکی تایبەتی خۆم، بەر لە دوو سەعات جلەکانم دەپۆشی و ماکیاجیان بۆ دەکردم، پێشتر لە سلێمانی خوالێخۆشبوو و رۆشنبیر و هونەرمەند مامۆستا (جیهان سدیق شاوەیس)دەیکرد، بەڵام لە بەغداد کاکە حیکمەت هیندی ماکیاجی دەکردین، ئیدی ئەو ماوەیەی کە مابوو، لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا گۆشەگیر و کەنارگرتە بووم، هەر چۆن بەپێی رێبازە ریالیزمییە سوسیالیزمییە کەی (ستان سلانسکی )، کە دەبێ ئەکتەر بەر لە چوون سەر شانۆ بتوانی بچێتە کەسایەتییەکەوە و تیایدا بژی.

چووبوومە ئەو جیهانەوە، کە جیهانی کەسایەتیی (قایمقام)

**کاتێکیش چوومەوە ئوتێلەکە کەسیانم نەبینی، دڵم هەزارویەک ختورەی کرد، هەتا درەنگ وەختانێ بە قاقای پێکەنین و بەزم و رەزم خۆیان کرد بە ئۆتێلەکەدا، حەپەسام و لە شوێنی خۆم ئەوق بووم**



بوو، سـەرجەم لایەنەکانی کەسـایەتییەکەم لەخۆمدا رواندبوو، لە پڕ خوالێخۆشـبوو هونەرمەند(فوئاد حەمە ئەمین ئاغا) بە توندی دەرگاکەی کردەوە و بەرەو خۆشی و شیرینەکەیەوە، پێی گوتـم: مژدە، مژدە، ئەوا دوو خولەکی ماوە بۆ نمایشـەکە و یەك تاکە بینەر هاتووە، ئەوە تەلەفۆنمان بۆ کاکە مسـتەفای ئوتێلچییەکە کردووە شاگردەکانی بنێرێ بۆمان.

لە کوێم هەڵدەگری و لە کوێم دادەنێی، بەڵام من کە دەرهێنەری شـانۆییەکە بووم، دەبوو رۆڵی رابەریان ببینم، بەتایبەت بۆ ورە بەرزکردنەوەیان لەو سـاتەدا هەمووان مات و مەلوول و پەژارە، دەتگوت کـورد واتەنی پاپۆڕەکەیان نۆغرۆ بووە، یان خەرمانی رەنجی سـاڵیان گڕی گرتووە، بە دەنگێکی مامۆستایانە پێم وتن:

براکانـم ئەمەش جـۆرە ئەزموونێکە، پەرەپێدانـی هونەر لە راستکردنەوەی هەڵە و ناتەواوییەکانەوەیە.

ئەوا بە هەمان جۆش و ورە و دڵ پڕ لە جۆشەوە دەچینە سەر شـانۆ، ئێمە بڕوامان بە هەبوونی دیواری چوارەم هەیە، دەسا باوای دابنێین، هۆڵەکە بە دڵی خۆمان جمەی دێ، با هەوڵدەین جوانترین نواندن پێشکەش مێژووی هونەری گەلەکەمان بکەین، ئادەی پەردەدار رووناکی، مۆسیقا... پشت بەخوا.

هەر چۆن نمایشـەکەمان لە رووی بینەرانەوە بەو دەردەوە برا، لە هەمان کاتدا لە گشـت روویەکەوە بۆمان نەهاتبوو، کۆمەڵێ رووداوی نەخوازراو روویدا وەك:

- کەوت بەسەر پشتیا ئەویش ناچار بە پشتی راگیرکرد، ئیتر نەیدەتوانی بجووڵێ.

- لەسـەر موبیلەیەك دانیشتبووم سێ ئەکتەری تریش هاتنە سـەر هەمان موبیلە، چرکەی لێوەهات و قاچی موبیلەکە شکا و لاقی ئەکتەرێکمان کەوتەژێری.

- لە هەمووی سەیر تر، ماوەیەك بوو کاکە حیکمەت دوومەڵێ لەسەر روومەتی هاتبوو، بیست وچوار سەعاتە دەستی پێوەبوو، دوومەڵەکـە دەربکات، هەر دەرنەدەبـوو، بۆچی لەو کاتەدا کە جەنابی موفەتیش(عەبدولی حەمە جوان) لەو بینراوەدا، کە سەر خۆت زللەیەکی تووندی لێـدەدات و بۆچی دوومەڵە نەتەقی، کاکە حیکمەت هاتە لام و گوتی: سالار بۆ سەیرم ناکەیت.

: بۆچی؟

: دومەڵەکەی تەقی.

: ئێ باشە چیت لێ بکەم؟

: لەرز و تایەکی پیسم لێهاتووە.

:( ئەوە لە گەرمەی نواندنداین) کەواتە فەرموو سەرکردە.

: سەرکەوێی چی؟

: باشە ماڵت ئاوا، خۆ من ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی خەستەخانە نیم.

دەسـرێکم لە گیرفانـم دەرهێناو، وتم دەرهـەق نەبێ جارێ جەراحەتەکـەی چڕ و چاوتی لە هەمـووی بەزمتر ئەوەبوو، رۆژنامەنووسـی وەك قیری کەوای سپی پێمەوە نووسرابوو، بە ئامـان و زەمان لێمنە دەبوویـەوە، کاتێکیش چوومەوە ئوتێلەکە کەسـیانم نەبینی، دڵم هەزارویەك ختورەی کرد، هەتا درەنگ وەختانـێ بە قاقای پێکەنیـن و بـەزم و رەزم خۆیان کرد بە ئۆتێلەکەدا، حەپەسام و لە شوێنی خۆم ئەوق بووم.

بینیم هەر هەموویان بە جل و بەرگی شانۆییەکەوەن، تومەس بەبێ ئاگاداریی من، هەر بەو شـێوەیە چوونەتە چێشتخانە و چایخانە و چی زرمە زلە و جرت و فرتە نواندوویانە.

بە ئومێدی نواندنی دووەم رۆژمان شەومان کردەوە.

هـەر کـە رۆژ بوویەوە، لـە ئۆتێلەکـە هاتمە خـوارەوە و کەوتمە سـەر و سـۆراغی رۆژنامەکانی ئـەو رۆژە و چاوم بـە رۆژنامەی(هاوکاری)کەوت سـەبارەت بە شـانۆییەکە، کاریکاتێرێکی زۆر کاریگەر لەلایەن هونەرمەند(جەمال رەشید) ەوە کرابوو، گرنگییەکی تایبەتی پێدرابوو، لە داوێنی وێنەکەوە نووووسرابوو:

(میوانە بەڕێـزەکان.. رێکخراوە کوردسـتانییەکان، ئەدیب و رۆشنبیرە کوردەکان.

هاتنتان بەم زۆرییە بۆ شـانۆگەری (جەنابی موفەتیش) لە بەغدا بەڵگەی دڵسۆزیتانە بەرامبەر هونەری نەتەوایەتیمان!!!

لەهەمـان ژمارەشـدا وتارێکی(هەقەوەسـێن) لەلایـەن رۆژنامەنووس کاك(عەبدوڵڵا عەباس)، لەسـەر هەمان بابەت نووسـرابوو، ئێمە بەو بێ بینەرییەوە سێ رۆژەکەمان تەواوکرد، ئەمـە ئێمە لەلایەکەوە، نەگبەتیی کابـرای حانووتیش لەولاوە بووەستێ، کە شـتەکانی نەفرۆشرابوو، سـەرەڕای نابووتی و هەژارییەکەی، تووشـی زەرەرمەندییەکی زۆر بووبوو، ئێمەش خەرجییەکی دیکەمان هاتبووە سـەر، ئەویش پارەی کرێی ئەو چەند سـەد کورسـییەی هێنابوومان، بە کورتییەکەی گشت ئەو داهاتەی سـلێمانیمان نایە بان ئەم بەغدا چوونەمان، بەڵام نەدەبـوو ئێمە ببینە قوربانیـی رق و قینەی بەرایەتی ئەو دوو لایەنە و بە خراپەی ئێمە بشکێتەوە.

**لە گەڕانەوەماندا لە یەکێ لەو چێشتخانانەی حەیدەرخانە، وابزانم(تاجریان) یان پێ دەوت، زۆر بەتام بوو، نانێکی باشمان خوارد، نەفەری بە نەوەد فلس بوو، چووینەوە ئوتێلەکە و سەرخەوێکمان بۆ شکاند و پاش دوو سەعاتێ هەموویانم بەرەو هۆڵی شانۆکە بەرێخست**